كوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەكی ئەلەكترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی كوردییە
www.kurdistannet.org
22-5-2007 12:35بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

## پاكانە ... خالید فاتحی

بۆ كوی دەرۆی.
رابردوو وا بەشوێنتەوە. ؟
(مۆری حەزێكی ئاگرین)
ناوچەوانی داخ كردوویت و...
هەرگیز لە رووت نابێتەوە. !
بۆ كوی دەرۆی؟
لەشت هەمووی هەر تاوانە.
گیانت هەمووی هەر بوختانە. !
تۆ دەتەوی رابردووی خۆت بسریتەوە ...
بەپاكانە. ؟!
تۆ دەتەوی،
لای ئەو كەسەی
ئەمرۆ و سبەی،
ئەڵقەی تۆ ئەكاتە پەنجەی.
كە دەفتەری،
تاپۆی خۆتت نایە مستی
بی ناو و بی ناو نیشان بی. !
تۆ دەتەوی،
كاتێك سەیری،
ئاوێنەی رابردووی كردی
كانیەكی روون و رەوان بی!؟
بەڵام "خەجی"
باش بزانە
ئەو شێعرانەی،
كە تا ئێستا بۆم نووسیوی
مێژوو نایانسرێتەوە ... ..
نەك پاكانە.

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.